christian aid

ASUDA
Empower Women to Lead

# راپۆرتی چاودێری میدیا سەبارەت بە چۆنێتی روماڵکردنی کەیسی ژنان

نوسینی: کنێر عەبدولا

## سەرەتا:

ڕاپۆرتی چاودێری میدیا سەبارەت بە چۆنێتی ڕوماڵکردنی کەیسی ژنان لە ماڵپەرە کوردییەکاندا بڵاوکراوەیەکی نوێی ڕێکخراوی ئاسودەیە بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ڕەگەزی مێیینە و تایبەتە بە چاودێریو هەڵسەنگاندنی چەند ماڵپەرێکی کوردی بۆ بایەخدانیان بە پرسی ڕەگەزی مێیینە،

ئەم بڵاوکراوەیە لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی بەردەوامی ڕێکخراوی ئاسودەیە بۆ ٢٥ی نۆڤەمبەری هەموو ساڵێك و ساڵانە لێکۆڵینەوەو چالاکی هەمەجۆر ئامادە دەکات لەو چوارچێوەیەشدا لێکۆڵینەوەی وێنای ژن لە ماڵپەری کوردیدا دەبێتە یەکێکی تر لە بلاوکراوەکانی ڕێکخراوەکەمان بۆ خزمەت کردن بە دۆزی ژنانو هەوڵدان بۆ کارکردن لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندنو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بۆ دروستکردنی وێنای ڕاستەقینەی ژنانو بڵاوکردنەوەی لە ڕاگەیاندنەکان.

ئەم ڕاپۆرتە تۆمارکردنو شیکارکردنی سەرجەم ئەو هەواڵانە دەگرێتەخۆ کە هەریەك لە ماڵپەڕەکانی (خەندان، ڕوداو، سپی میدیاو نالیا) باسی لێوەکراوە لە ماوەی نۆ مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠١٦) دا لە ماوەی ( ٢٠١٦/١/١-٢٠١٦/١٠/١)ی کارکردنی ماڵپەڕەکاندا.

# پێشینە

ئاشکرایە سەرجەم بوارەکانی کارکردن لە کۆمەڵی کوردیدا، لەوانە نێوەندی میدیاکان بەگشتی بەدەرنین لە کارکردنێك کە ئەقڵیەتی پیاوسالاری بەگشتی رەنگدانەوەی هەیە بەسەر تاکەکانی کۆمەڵ بە ژن‌و پیاوەوە.

بوونی ئەقڵیەتێك کە تیایدا جیاکارییەکان لە سەرجەم بوارەکاندا لە نێوان ژنان‌و پیاواندا رۆچۆتە ناو هەموو پەیوەندییە مرۆیی‌و بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانەوە، بوونی ئەو ئەقڵیەتەو چەندین هۆکاریتر وایکردووە هەمان جیاوازی‌و جیاکارییەکان لە نێوەندی کارکردنی میدیاکاندا بوونی هەبێت.

کەمتەرخەمی‌و لاوازی بایەخدانی دەزگاکانی راگەیاندن بە رۆڵی ژنان لە میدیادا لە لایەك‌و کەمی رێژەی ژنان لە ناوەندە بڕیارسازی‌و سەرجەم هەیکەلەی راگەیاندنەکان بەگشتی، کەمیی رەخساندنی دەرفەت لە بەردەم ژنانی میدیاکاردا، قەتیسکردنی ژنانی میدیاکار لە نێوەندی کارە روکەشی‌و لاوەکییەکانی هەن، سەیرکردنی ژنان وەك جەستەو مێینەیەك زیاترەوەك لە تواناو لێهاتوویی وەك مرۆڤ، پێشێلکردنی مافەکانی ژنان لەلایەن کەناڵەکانی راگەیاندنەوەو متمانە نەبوون بە ئەقڵ‌و هزرو توانای ژنان بەگشتی لە لایەکی تر هەموو ئەوانە هۆکار یان گرفتی سەرەکی ژنانن لە نێوەندی کەناڵەکانی راگەیاندندا.

بەگشتی واقعی میدیاکان‌و ماڵپەرە کوردییەکان رووبەڕووبونەوە دەخوازێت لە رێی کۆکردنەوەی هەموو تواناکانەوە بۆ ئەوەی ببێتە هەوڵ‌و توانایەکی کاریگەرو چالاك بۆ گۆرانکاری‌و چارەسەری کێشەکانن. ئەوەش لەووێنایەوە سەرچاوەی گرتووە کە سەبارەت ژنان لەلایەن ماڵپەرە کوردییەکانەوە کە بەگشتی کە دواجار دەبێتە یارمەتیدەر بۆ شێواندنی وێنەی ژن

لەو روانگەیەوە راپۆرتەکە لە هەوڵی ناساندن دەبێت تایبەت بەوێنای میدیایی بۆ ژنان لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا لە رێی شیکارکردنی ناوەڕۆکی ئەو زانیاریو هەواڵە میدیاییانەی پێشکەشکراون لە رێی ماڵپەڕە کوردییەکانی پێکهاتەی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکدەهێنن.

رووماڵکردنی رۆڵی ژنان لە ماڵپەڕەکانداو بەڕێوەبردنی ماڵپەڕەکان بە دیدێکی پیاوسالارانەو کورتکردنەوی ژنان لە جەستەو سێکسو سنوردارکردنیان لە رووی جۆری کارەکانەوە لە لایەکو جیاکاریو جیاوازیکردن لەگەڵ ژنانی میدیاکاردا، هەروەها بوونی ئەو توندوتیژییانەی لە دەرئەنجامی ئەو ئەقڵییەتانەوە دێنە ئاراوەو بەو شێوازەوە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی ژناندا دەکەن بۆتە هۆکاری خولقاندنی ئەم کێشەیە .

لەبەرئەوە بە پێویست زانرا وەك نموونەیەك لە میدیا گشتییە فراوانەکەی کە خۆی لە میدیای بینراو، بیستراوو نوسراودا دەبینێتەوە، بەشێك لە میدیای ئەلکترۆنی کە بریتیە لە چوار ماڵپەڕە کوردییە لێکۆڵینەوەی تێدا ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی وەك نموونەیەکی نێوەندی میدیاکان، واقعی کێشەکە دیاریبکرێتو بتوانرێت لەڕێی دەستنیشانکردنی کێشەو زانینی هۆکارەکانەوە، چارەسەری گونجاوو پێویست لەم بارەیەوە دیاری بکرێت.

هەواڵنامەی کتێب

## گرنگی راپۆرتەکە:

بێگومان دەرئەنجامی هەر کارو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کە ئەنجامدەدرێت بۆ ئەوەیە گرنگی بابەتەکە بخرێتە ڕوو، بۆیە هەوڵ دراوە دیدوتێڕوانینی ماڵپەڕە کوردییەکانی لە کوردستاندا هەن نیشان بدرێت تا لە ڕێگەیەوە ئاستو رادەی بایەخدانیان بە مەسەلەکانی ژنان بزانرێتولە هەمان کاتدا جۆری ئەو توندوتیژی یان پێشێلکارییانەش بخرێتە ڕوو کە لەڕێی رومالکردنی هەواڵەکانیانەوە خستویانەتە ڕوو، تا بەهۆیەوە کار لەسەر گۆڕانکارییەکانی پێویستن بکرێت، بە ئامانجی راگرتنی هاوسەنگی لە زوومالکردنی هەوال و بابەتی تایبەت بە ژنان کەمکردنەوەی پێشێلکارییەکان دەرهەق بە ژنانو ڕێخۆشکردنو راگرتنی بالانسی جێندەری لە نێوەندی میدیاکاندا.

بۆیە گرنگی راپۆرتەکە لە شیکارکردنی سەرجەم هەواڵی ئەو ماڵپەڕە کوردییانەدایە کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت خوێندنەوەو کاری جدی ئەنجام بدرێت.

## ئامانجی راپۆرتەکە:

ئەم راپۆرتە بە ئامانجی بەدیهێنانی ئەم خالانەی خوارەوە کاردەکات:

١. دیاریکردنو ڕەخنەوشیکارکردنی ناوەڕۆکەکانی کراوز دەربارەی ژنان لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا، بۆ زانینی رادەی بایەخدانی ماڵپەڕە کوردییەکان بە مەسەلەکانی ژنان.

٢ ناسین و تێگەیشتن لەسیاسەتی گشتی ماڵپەڕەکان سەبارەت بە چەمکی جێندەری.

٣. زانینی ئاستی بایەخدانی میدیاکان بە مەسەلەی ژنان و مافەکانیان

هەواڵنامەی کتێب

## هۆكاری هەڵبژاردنی ماڵپەڕەكان:

لە كوردستاندا ماڵپەڕی زۆر هەن، بەڵام هۆكاری دەستنیشانكردنی ئەم ماڵپەڕانە وەك نموونەیەكی سەرجەم ماڵپەڕەكان كوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ڕەچاوكردنی هەمەڕەنگیو فرە ئایدۆلۆجیو فرە مینبەریو جیاوازی ماڵپەڕەكان.

بەڵام ئێمە هەوڵمان داوە وەك نمونە چوار ماڵپەر وەربگرین كە خۆیان بە كەناڵی سەربەخۆ پێناسە دەكەن، یان ڕاستەوخۆ لەلایەن حیزبێكی سیاسییەوە سەرپەرشتی ناكرێنو بە میدیای كەسی یان سێبەر ناودەبرێن. تا بەهۆیەوە بتوانرێت بەراووردێك دەربخرێت لە نێوانیاندا تا لە دەرئەنجامدا بزانرێت هەریەك لەو ماڵپەڕانە چەند بایەخیان بە مەسەلەكانی ژنان داوەو تا چەند پێشیلكارییان دەرهەق بە مافەكانی ژنانەوە كردووە.

ئەو ماڵپەرانەی چاودێری كراون لەم ڕاپۆرتەدا بریتییە لە چوار ماڵپەڕی كوردی جیاواز لە هەرێمی كوردستان ، بە ڕەچاوكردنی جیاوازیو هەمەڕەنگی ماڵپەڕەكان لە ڕووی ستراتیجو لایەنی پشتیوانی ماڵپەڕەكان لە ڕووی ماددیو مەعنەوییەوە. ئەوانیش بریتین لە (خەندان، روداو، سپی میدیا و نالیا).

## دیاریکردنی چەمكو زاراوەكان :

١. راگەیاندن: بریتییە لە ئامرازەكانی پەیوەندی بۆ گواستنەوەی زانیارییەكان لەسەرچاوەیەكی دیاریكراوەوە بۆ دەستەیەكی كۆمەڵایەتی تایبەت یان گشتیو ئامانجی تایبەتیشی هەیە.

٢. هەواڵ: لە رووی زمانەوانییەوەوشەی هەواڵ لە (خبر)ی عەرەبی وەرگیراوە، هەندێ جار مانای یاساییانەی هەیەو مەبەستەكەی بەدەستهێنانی زانیارییە لە تاوانەكانەوەو هەندێ جاری تریش مانایەكی تایبەتی ئاسایشیانەی هەیەو زانیاری سیاسیوسەربازی دەستنیشان دەكات.

لە پەرتووكی هەواڵدا، فەرناندۆ ترۆ بەم شێوەیە باس لە هەواڵ دەكات" گوزارشتە لە بڵاوكردنەوەیەكی ئۆرگانیزەكراوانەی پرۆسێسی روداوو ئاگاداریو زانستە مرۆییەكانو گوێزانەوەی بیروباوەرو گشتییە.

٣. زانیاری: بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی كە كاریگەرییان هەیە لەسەر ئاستو پێگەیشتنو قەناعەتی تاك بەرامبەر بەبابەت یان شتێكی دیاریكراو.

٤. سیاسەتی گشتی: ئەو چوارچێوە گشتییەیە كە كاریگەری بەسەر سیاسەتەكانی راگەیاندنەوە هەیەو ئاڕاستەی دەكاتو ئامانجەكانی دیاری دەكات.

٥. كێشە: بریتییە لەو رێگریو كۆسپەی كە روودەدات لە نێوان مرۆڤوخودی داواكارییەكەیدا، بەواتایەكی تر كاتێك مرۆڤ ئامانجیكی دیاریكراوی هەبێتو نەتوانێت پێی بگات، ئەو كاتەش پێویستبوون بە چارەسەری كێشە دیتە ئاراوە بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر هەر كێشەیەك تا ئەندازەی كۆتایی هاتن بە كێشەكە.

٦. توندوتیژی: دیاردەیەكی جیهانیو دەركەوتەیەكی تازە نییە، لەگەڵ سەرهەڵدانی مرۆڤایەتیدا بوونی هەیەودەرئەنجام بۆتە هۆكاری دروستبوونی زنجیرەیەك روداوو ئاسەواری ناخۆش لە جیهانی مرۆڤایەتیدا، بە هۆكارو جۆری جیاواز مرۆڤەكان پیادەی دەكەنو بگرە رێژەو شێوازی جیاجیا لەخۆدەگرێت.

هەواڵنامەی كتێب

## ناساندنی ماڵپەڕەکان:

ناساندن و پێناسەکردنی ئەم ماڵپەڕانە دەقاو دەق وەرگرتنی زانیارییەکان لە ڕێی ماڵپەڕی ڕەسمی هەریەک لە ماڵپەڕەکان خۆیانەوە وەرگیراوە، بۆ ناسینی سەرجەم ئەو ماڵپەڕانەی پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکەیان پێکهێناوە ، بۆ ئەوەی لە پێناسەو ماڵپەڕی فەرمی خۆیانەوە شیکاری بۆ ناوەڕۆکی هەواڵەکان بکەین.

**١. ماڵپەڕی خەندان ( Xendan):**

ماڵپەڕی خەندان بەشێکە لە دەزگای خەندان بۆ پەخش و وەشاندن، لە بەشەکانی (کوردی، عەرەبی، وەرزش و لایف) پێکهاتووە.

هەوڵدەدات بەشێوەیەکی پیشەییانە ڕوومالی هەواڵ و بابەتە ناوخۆیی و جیهانییەکان بکات بۆ خوێنەرانی.

هەواڵنامەی کتێب

**٢. ماڵپەڕی ڕوداو( Rudaw):**

بەشێکە لە پرۆژەکانی (تۆڕی میدیایی ڕووداو) کە بریتین لە گروپێکی میدیایی سەربەخۆی کوردیی ئازاد، لە بوارەکانی میدیای بینراو و بیستراو (بەشێوەی کاخەز و دەنگ و ڕەنگ و ئەلەکترۆنی) بەرهەمەکانی پێشکەشی خەڵك دەکات.

تۆڕی میدیایی ڕووداو کۆمپانیایەکی قازانج ویستە، لە بڵاوکردنەوەو گەیاندنی بەرهەمەکانیدا خۆی بە سنورێکی جوگرافیایی دیاریکراوەوە نابەستێتەوەو دیدێکی جیهانییانەی هەیە بۆ کارکردن.

نوسینگەی سەرەکی لە هەولێر، هەروەها لە سلێمانی، دهۆك، دیاربەکر و واشنتۆن نوسینگەی هەیە.

### ٣. ماڵپەڕی سپی میدیا ( Speemedia):

بەشێکە لە پرۆژەی راگەیاندنی سپی کە پێکدێت لە گۆڤارێکو بەشێکی راهێنانی رۆژنامەوانی. ماڵپەڕی سپی میدیا، پەنجەرەیەکە بەرووی هەواڵدا دەکرێتەوە، ماڵپەڕێکی هەواڵی یە، هەواڵی سیاسی و کەلتوری و ئابوری و وەرزش و هونەری بڵاودەکاتەوە، هاوکات سەکۆیەکیشە بۆ پێکگەیاندنی بیروڕا جیاوازەکانو هاندانیان بۆ گفتوگۆکردنێکی دیموکراسیانە.

سپی میدیای سەرچاوەیەکی سەربەخۆیە بۆوەرگرتنی هەواڵو زانیاری و شیکردنەوە، جگە لەبەشەکانی ماڵپەڕەکە خۆی، هاوکات سەکۆیەکە بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی گۆڤاری سپی میدیا، پانتاییەکیشە بۆ پەخشکردنی چالاکییەکانی بەش راهێنانی رۆژنامەوانی سپی.

نوسینگەی سەرەکی ماڵپەڕەکە دەکەوێتە شاری سلێمانی ستاڤ نوسینی بریتین لە: شوان محەمەد، عەتا فەیزوڵا، کامەران محەمەد، کاروان بەکرو هەکار مەحمود .

هەموو النامەی کتێب

### ٤. ماڵپەڕی نالیا (NRT):

دیجیتاڵ میدیای ئێن ئار تی ( لە شەش ماڵپەرو سێ ئەپلیکەیشن پێکهاتووەو بەزمانەکانی کوردی (سۆرانی و بادینی)و عەرەبی و ئینگلیزی پەخش دەکاتو لە ساڵی (٢٠١١) دا دامەزراوە .

یەکێکە لە پرۆژەکانی (دامەزراوەی میدیایی نالیا) کە مێژووی دامەزراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٢٠١٠) لە ڕێی دامەزراندنی کەناڵێك بە ناوی کەناڵێکی ئەهلی سەربەخۆو دواتر کۆمەڵێك دامەزراوەی میدیایی تر کە سەرچاوەی داهاتەکەی لەلایەن کۆمپانیای وەبەرهێنانی نالیاوە دابیندەکرێت.

ئۆفیسە سەرەکییەکەی لە سلێمانیییەو هەروەها لە هەولێر، بەغدا، بەسرە، کەربەلا، ئەستەمبوڵ، برۆکسل، پاریس، لەندەن، واشنتۆن، و قاهیرە، دوبەی، ئەنقەرە ، ئامەدو بازل ئۆفیسی هەیە .

## کاریگەری راگەیاندن لەسەر دۆخی ژنان:

بەگشتی ئامرازەکانی راگەیاندن بە بینراوو نوسراوو بیستراوەوە هەریەك بەشێوەی خۆی رۆڵو کاریگەری هەیە لە گۆرانکارییەکانی کۆمەڵ بەگشتیو ناڕاستەکردنی دۆخو پێگەی ژنان بەتایبەتی، لەو روانگەیەی میدیا لە سەرتاسەری جهیاندا بۆتە چالاکترینو کاریگەرترین ئامرازی گەیاندنو کاریگەری زۆرو گەورەی رۆژانەی هەیە لە ژیانی تاکەکانو کۆمەڵدا. بە شێوەیەك کاریگەرییەکەی لە هەندێ کاتدا سنوری دابونەریتە باوەکانی کۆمەڵی بەزاندووەو بۆتە بەرهەمهێنەرو دەرهاویشتەی دابونەریتی نوێیو وەرگیراو کە پێشتر لای خەڵك نەبووە هەروەها ئاڕاستەکردنیان روەو هەڵبژاردنی جۆری کارو دۆزینەوەی کەسایەتییان.

لە لایەکی ترەوە بابەت یان هەواڵ دەربارەی کەیسەکانی ژنان لەبەرامبەر ئەو توندوتیژییانەی لە لایەن هەر کەسولایەنێكو بەهەر هۆکارێك بێت کە رووبەڕووی ژنان دەبێتەوە کەمترین رووماڵ کراوە، بە کەمترین شێوەش بەدواداچوونو لێکدانەوەی بۆ کراوە لە کاتێکدا بە پێی رێژەو کەیسەکانی ژنان بێت چ لە لایەن رێکخراوەکانی ژنانەوەو چ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان بێت ئەو رێژەیە کەمترین رێژەیە کە لە هەواڵی ماڵپەڕەکاندا ئاماژە یان روماڵکراوە.

بۆ نموونە، بە پێی دوا ئاماری دەرئەنجامی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان بێت ، توندوتیژییەکان لە حەوت مانگی سەرەتایی ساڵی ٢٠١٦ دا بەشێوەیەکی بەرچاو لە سەرجەم ناوچەکانی هەرێمی کوردستان (سلێمانی، هەولێر، دهۆك، گەرمیان، راپەڕینو سۆران) لە کۆی گشتیدا ژمارەی توندوتیژییەکان بەم جۆرە تۆمارکراون:-

کوشتنی ژنان (٢٢)، خۆکوشتن (٥١)، سووتاندن (١٤٢)، خۆسوتاندن (٦٢)، توندوتیژی سێکسی (٤٢)و سکاڵا لە لایەن ژنانەوە کە تۆمارکراوە (٢٥١٨) سکاڵا بووە.

گەر بەتەنها کۆی گشتی ئەم ژمارانەی بەڕێوەبەرایەتییەکە ایك بدەینەوە کە دەکاتە ( ٣٨٣٧)وبەراووردی بکەین بە کۆی ئەو ژمارانەی کە لە گشت ماڵپەڕەکانی لێکۆڵینەوەکەدا تۆمارکراوە، ئەوە دەسەلمێنێت کە بایەخی ماڵپەڕەکان لە ئاستێکی لاوازو بگرە کەمتەرخەمیدایە بۆ کۆی مەسەلەکانی ژنانو ئەو توندوتیژییانەی روبەڕوویان دەبێتەوە، کە کۆی گشتی دەکاتە تەنها (٢٣٨) هەواڵ. ئەمە جگە لە ژمارەی تۆمارکراوو کەیسەکانی تری ژنان کە رووبەڕوی توندوتیژی جۆراوجۆری تر دەبنەوەو لە لایەن رێکخراوەکانی ژنان بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت.

وێڕای ئەوەی لە هەمان کاتدا ئامرازەکانی راگەیاندنو خودی ژنان تەواوکەری یەکترن بۆ ئەوەی ئامانجەکە بپێکرێتو پێکەوە دەتوانن رۆڵی گەورەیان هەبێت لە گۆڕانکارییەکاندا بە شیوەیەك هەم پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن بە پلانوستراتیجو بەرنامەی کاری خۆیانو سیاسەتیاندا بچنەوەو بە دیدگایەکی جێندەرییانەو دوور لە جیاکاری مەمەڵە لەگەڵ واقعەکەدا بکەنو هەم خودی ژنان خۆیان دەتوانن رۆڵی کاریگەرو چالاك بگێڕن لەو گۆڕانکارییانەدا. بە ئامانجی رۆڵبینینی راستەقینەی میدیاکانو کاریگەری فعلی میدیا رووەو گۆڕانکاری ریشەییو سەرەکی.

# مەوداکانی راپۆرت:

ئەم راپۆرتە لە چەند مەودایەکەوە شیکاری و خوێندنەوەی بۆ لایەنە جۆربەجۆرەکانی ماڵپەڕەکان کردووە کە بوونیان هەیە لە کوردستاندا لەوانە:

**یەکەم:** یەکانگیربونەوەی دروشم و سیاسەتی گشتی ماڵپەڕەکان لە زانیاری و داڕشتنەوەی هەواڵەکاندا.

**١. شوێنی جوگرافی:**

بوونی فراوانی کارکردنی هەر ماڵپەڕێك بەگشتی لە رووی جوگرافییەوە لە ئاست ناوخۆو دەرەوەی کوردستان چ لە رێی نوسینگەوە یان لۆبی یاخود ستافی پرۆفیشناڵەوە بێت، کاریگەری دەخاتە سەر مسداقیەت و رومالکردنی چالاکانەی هەواڵەکان لە ناوچە جیاوازەکاندا بێ جیاوازی لە رووی سنوری جوگرافی ناوچەکانەوە.

پێوەری بەرفراوانی کارکردنی هەریەك لەو ماڵپەڕانەی پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە پێکدەهێنن بە شێوازی جیاجیا ئەوە دەردەخەن کە بەهۆی سنورداربونیانەوە لاوازی یان کەمی رومالکردنی کۆی هەواڵەکانی تایبەتمەند بە ژنان دەخەنە روو، بۆ نموونە:

**١- ماڵپەڕی خەندان:**

ئۆفیسی کارکردنی سەرەکی لە سلێمانییەو زۆر لە ئاستێکی سنورداردا کارەکانی بەڕێوە دەچێت ، بەهۆی کەمی ئۆفیس یان لۆبی یاخود پەیامنێری تایبەت بەخۆی لە ئاستولاتانی جیهان و ناوخۆی عێراق و کوردستان.

### ٢- ماڵپەڕی ڕوداو:

ئۆفیسی سەرەکی هەولێرەو لە سلێمانی، دهۆك، دیار بەکر، ئەنکەرەو واشنتۆن نوسینگەیان هەیە، وێڕای ئەوەی لە ماڵپەڕەکەیاندا باس لەوە دەکەن کە " لە بڵاوکردنەوەو گەیاندنی بەرهەمەکانیدا خۆی بە سنوورێکی جوگرافیای دیاریکراوەوە نابەستێتەوە.

### ٣- ماڵپەڕی سپی میدیا:

ئۆفیسی سەرەکی لە سلێمانییەو هیچ نوسینگەیەکی تری لە شارەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا نییە، بۆیە سنورداری زۆربەی هەواڵەکانی سنوورداره بە ناوچەی سلێمانی جگە لەوەی زوربەی هەواڵەکانی پەیوەستن بەوەرگێڕانەوە.

### ٤- ماڵپەڕی ئاڵیا:

لە ئاست کوردستاندا ئەگەرچی نوسینگەی سەرەکی لە سلێمانییەو لە هەولێر، دهۆك و کەرکوکیش نوسینگەی هەیە، بەڵام لە پارێزگاکانی عێراق و دەرەوەی کوردستان سنورداره، لە کاتێکدا بۆ بایەخدانی زیاتر بە هەواڵە ناوخۆییەکان گرنگە لە هەموو پارێزگاکاندا هەبن و لە هەمان کاتدا بۆ ڕوماڵکردنی هەواڵ و بابەتە هەنوکەیی و ئامانجدارەکان گرنگە لەوڵاتانی تری جیهان گەر نوسینگەش نەبێت نوێنەری پسپۆڕیان هەبێت.

٢. لە ڕووی سیاسەتی کارکردنەوە:

یەکانگیربونەوەی ناساندنی هەر ماڵپەڕێك یان دەزگایەکی میدیایی لە ڕووی سیاسەت و شێوازی بایەخدانییەوە گرنگە لایەنی تیۆریی و پراکتیك یەك بگرێتەوە لەگەڵ یەکتریدا لە کارە میدیاییەکاندا کە ئاماژەیە بۆ پاراستنی ڕاستگۆیی و مسداقیەتی دەزگاکە، بۆ نموونە:

## ١- ماڵپەڕی خەندان:

لە خودی سایتی خەنداندا هاتووە" خەندان هەوڵدەدات بەشێوەیەکی پیشەییانە ڕووماڵی هەواڵ و بابەتە ناوخۆیی و جیهانییەکان بکات بۆ خوێنەرانی" بەڵام لەواقعی کارکردندا لە ڕووی جۆری هەواڵەکان و بابەتە هەڵبژێردراوەکانەوە وەك زوربەی ماڵپەڕەکانی تر خزمەتی بە مەسەلەی ژنان نەکردووە لە ڕووی پیشەییەوە هەروەك چۆن بە پێی خشتەکانی خوارەوە ئامارەکان دەریدەخەن ناهاوسەنگییەك هەیە لە ڕووی بایەخدانی ماڵپەڕەکە بە هەواڵەکانی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان. نمونە لەم چارتەدا دەخەینە ڕوو.



**٢- ماڵپەڕی روداو:**

ئەگەرچی وەك گروپێکی میدیایی سەربەخۆی کوردیی ئازاد خۆی ناساندووە، بەڵام هەندێ جار هەواڵەکانی نەفەسێکی لایەنگرانەی حزبی پێوە دیارە لە رێی چۆنێتی روماڵکردنی زانیارییەکان‌و نیشاندانی زیاتری دیوی کێشەکان لە شارەکانی تر جگە لە هەولێرودهۆك‌و هەروەها کەمی باسکردنی دەستکەوتەکانی ژنانیش لە پارێزگاکانی سنوری سلێمانی‌و هەڵەبجەو کەرکوك.

بە هەمان شێوەی ماڵپەڕی خەندان، بەڵام بە پێچەوانەوەو زیاتر هەوڵی نیشاندان‌و زەقکردنەوەی کێشەکانی سنوری هەولێرو دهۆکی هەیە وەك پارێزگاکانی تر، ئەمەش لە روانگەی زیاتر حزبیبوونی کەناڵەکانەوەیە کە رەنگدانەوەی سیاسەتی حزبییان زیاتر پێوە دیاریدەدات.



## ٣- ماڵپەڕی سپی میدیا:

خۆی بەوە پێناسە کردوە کە ماڵپەڕێکی هەواڵییەو هەواڵی سیاسیو کەلتوریو ئابوریو وەرزشو هونەری بڵاودەکاتەوە، بەڵام لەواقعی (٩) مانگی چاودێریکردندا زوربەی هەواڵەکان هونەرین یان پەیوەندیدارە بە هەواڵی شەخسی پێشکەشکارەکانەوە لە میدیای بینراودا، هیچ هەواڵێکی وەرزشیو ئابوریو کلتوری تایبەت بە ژنانی لەخۆنەگرتووە، سەرەڕای بوونی هەموو ئەو هەواڵە جۆربەجۆرانەی تایبەتمەندن بە ژنان لە بواری جیاجیادا.



### ٤- ماڵپەڕی نالیا:

بەگشتی کەمتر لەوانی تر ئەو لایەنگیرییەی پێوە دیاری دەدات بۆ هەر لایەن یان حزبێکی دیاریکراو. ئەگەرچی لە لایەکی دیکە سەرەڕای بەرفراوانی سنوری کارکردنی، بەڵام وەك ئەوانی دیکە بایەخدانی بە روماڵکردنی هەواڵەکانو بابەتە جدییەکانی پەیوەندیدار بە ژنانەوە لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە.



## دووەم: پێگەی ژن:

لە سەرتاسەری جیهاندا پێگەی ژن لە سەرجەم میدیاکاندا کەمترە لە رووی ژمارەو بەشدارییانەوە، زوربەی کەناڵەکان لە لایەن پیاوانەوە قۆرخ کراوە هەریەك لەو ناوەندانە بە رێژەو شێوازی جیاجیا.

ماڵپەرە کوردییەکانیش لە هەرێمی کوردستاندا بە هەمان شێوە بە هۆی چەندین هۆکاری جۆربەجۆری کلتوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و پەروەردەیی کەمی ژن بە تایبەت لە پلە باڵاکانی میدیا بەگشتی و سایتەکان بەتایبەتی گرفتێکی دیارو واقعێکی روونە کە پێویستی بە کارکردنی جدی هەیە، چونکە پێوەری ژنان وایکردووە رەنگدانەوەی زۆری بەشداری رەگەزونەقلیەتێکی ژنان هەبێت لەپاڵ ئەقلیەتی پیاوداو رەنگدانەوەی لەسەرجەم بوارەکەدا هەبێت.

بوونی ئەو داتاو ئامارانەی کە تایبەتن بە دەرخستنی پێگەی ژن لە بەشی هەواڵی ماڵپەرەکاندا لە رێی ئەم (٤) خشتەیەوە بەڵگەی ئەو راستییە نیشان دەدەن:

**خشتەی ١: جۆری هەواڵەکان لە ماڵپەڕەکاندا**

| ناوی ماڵپەڕەکان | ژمارەی هەواڵ | هەواڵی ژنان بەگشتی | هەواڵەکانی ناوخۆی کوردستان | هەواڵەکانی دەرەوەی کوردستان | راپۆرتی تایبەت بە کەسایەتی یان چالاکوانی ژنان | هەواڵی تایبەت بە رێکخراوەکانی ژنان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خەندان | ١٢٧٧٤ | ٦١٤ | ٧٠ | ٥٤٤ | ١١ | ١ |
| روداو | ٦١٨٣٨ | ١٢٦ | ١١٤ | ١٢ | ٨ | ٠ |
| سپی میدیا | ٧٢٤٨ | ٩٩٢ | ٦١١ | ٣٨١ | ٤ | ٠ |
| نالیا | ١٠٦٦٨ | ١٤٢ | ٤٣ | ٩٩ | ١٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | ٩٢٥٢٨ | ١٨٧٤ | ٨٣٨ | ١٠٣٦ | ٣٣ | ١ |

خشتەی ژمارە (١) ئەمانە دەخاتەڕوو:

١. زانیاری گشتی سەبارەت هەریەك لەو سایتە کوردییانە دەخاتە ڕوو کە پێکهاتەی ڕاپۆرتەکە پێکدەهێنن. بە گشتی دەریدەخات وێڕای زۆری ژمارەی هەواڵی تۆمارکراو لە هەریەك لەو چوار ماڵپەڕانەدا، بەڵام هەواڵی تایبەت بە ژنان بە بەراوورد بە کۆی گشتی ڕێژەکە بە پێی خشتەکە زۆر کەمە یان دەتوانرێت بوترێت ڕێژەی ١٪ ی ژمارەی گشتی ئەوهەواڵانە نییە کە بڵاوکراونەتەوە.

ئەوەش کەم بایەخی ماڵپەڕەکان نیشان دەدات لە بەرامبەر بە مەسەلەی ژنان یان ئەقڵیەتی فەرمانڕەوایی و سیاسەتی گشتی هەریەك لەو میدیایانە نیشان دەدات کە نەبوونەتە مینبەرێکی جدیی و کاریگەر بۆ خستنەڕووی مەسەلەکانی ژنان.

٢. لە کۆی چوار ماڵپەڕدا (٢) لەو ماڵپەڕانە هەواڵی ناوخۆی تایبەت بە هەرێمی کوردستان تیایدا زیاترەوەك لە هەواڵەکانی دەرەوەی کوردستان کە بریتین لە ڕوداوو سپی میدیا کە لە هەمان کاتدا ئەوەش نیوەی ڕێژەی کۆی گشتی هەواڵەکانی ژنان پێکدەهێنێ، بەڵام هەریەك لە ماڵپەڕەکانی نالیاو خەندان هەواڵی ناوخۆیان کەمترەوەك لە دەرەوەی کوردستان کە بێگومان بایەخدان بە ڕوماڵکردنی هەواڵەکانی ناوخۆ پێویست و گرنگترە بۆ بەدواداچوون و ئاگابوون لە بابەت و گۆڕانکارییەکان.

ئەوەوێڕای ئەوەی زۆری ژمارەی هەواڵەکان لە سایتەکاندا ئاماژە نییە بەوەی بایەخی زیاتریان بە مەسەلەی ژنان داوە لە ڕووی ڕوماڵکردنی بابەتیانەو مەسەلە گرنگ و چارەنوسسازەکانی کۆمەڵدا، وێڕای ئەوەی زیاتر بایەخیان بە هەواڵی وەرگێڕاو داوەو زۆربەی ئەو هەواڵانە بابەتی وەرگێڕاون و وەرگێڕانەکانیش لە هەمان کاتدا بابەتی جدیی و مەوزوعی و سوودمەند نین بە مەسەلەی ژنانەوە یان زیاتر هەواڵی کەسایەتی هونەری و میدیایین و پەیوەستن بە ژیانی شەخسییەوە یاخود هەواڵگەلێکن کە تایبەتن بەوەرگێڕانی بابەتی جوانکاری و خواردن و هەواڵی شەخسی و .. هتد،

ئەمە جگە لەوەی کاتێك بابەت و ناوەڕۆکی هەواڵەکان دەخوێنیتەوە لە کۆی گشتی سایتەکاندا بە دیدو فکرو تەنها ڕەگەزێك خوێندنەوەو هەڵبژاردەی بۆ کراوە کە بریتییە لە ئەقڵیەتی پیاوو لە هەمان کاتدا حەزوویستەکان و دیدگای ئەقڵیەتی بەتەنها پیاوو زۆر جاریش فکری ئەقڵیەتی پیاوسالاری تیایدا زاڵە سەبارەت بۆچوونەکانی بە ژنان، بۆیە هەڵبژاردەی هەواڵەوەرگێڕاوەکانیشی لەو گۆشە نیگایەوەیە.

٣. بایەخدانی ماڵپەڕەکان بە دەستکەوتی تایبەت بە کەسایەتی ژنان یان ڕوماڵکردنی هەواڵەکانی پەیوەستن بە چالاکی کەسایەتییە جۆربەجۆرو جیاوازەکانی ژنان یاخود ئەنجامدانی ڕاپۆرتی تایبەت بە کارو چالاکی و دەرخستنی تواناکانی ژنان ڕێژەیەکی زۆر کەمە بە بەراووردلەگەڵ کۆی گشتی هەواڵەکان.

ئەوەش دیدو پەیام و ئامانجی کارکردنی ماڵپەڕەکان دەخاتەڕوو لە ڕوانگەی سیاسەتی بەڕێوەبردنیانەوە، لە کاتێکدا زۆرن ئەو ژنانەی خەڵات دەکرێن لە ئاست ناوخۆو دەرەوەی کوردستان یان زۆرن ئەو ژنانەی دەرکەوتوو یان سەرکەوتوون لە بوارێکی کارکردنیاندا چ لە بواری سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و بوارەکانی تری ڕێکخراوەیی و مەدەنیدا.

دەرخستنی ئەو توانایانەو بایەخدان بە ڕۆڵیان بەتایبەت ئەو ژنانەی لە پۆستی بەڕێوەبردنی کارگێڕی هەستیاردان و نموونەی سەرکەوتوون کاریگەری و سوودی زۆری دەبێت نەك تەنهاوەك هاندەرێك بۆ خودی خۆیان، بەڵکووەك نموونەی سەرکەوتویی ژنان، چونکە ئەقڵیەتی پیاوسالاری هەمیشە هەوڵی نیشاندانی دیوی خراپی ژنان دەدات یان ئەو لایەنە دەخاتە ڕوو کە جارێکی تر ژنان دەخەنەوە نێوەندی بواری ماڵەوەو چوارچێوەی کارە تەقلیدییەکانی ژنان کە بە بڕوای ئەو ئەقڵیەتە ئەوە نێوەندی ڕاستەقینەی کارکردنی ژنانە.

٤. ڕێژەی بایەخدانی سەرجەم ماڵپەڕەکان بە ڕوماڵکردنی چالاکی یان هەواڵ و ڕاپۆرتی تایبەت بە ڕێکخراوەکانی ژنان لە کوردستاندا بریتییە لە (سفر) تەنها ماڵپەڕی خەندان لە کۆی هەواڵەکانی تەنها (١) هەواڵی تایبەت کردووە بەو بوارە.

هۆكاری كەمیی یان نەبوونی ئەوەش پەیوەستە بە كەمبایەخیو لاوازی بەهەندوەرنەگرتنی كارو پێگەی رێكخراوەكانی ژنان لە كوردستاندا، جگە لە ڕەنگدانەوەی كاریگەریی جیاوازی بیروبۆچونی پارتە سیاسییەكان لەسەر رێكخراوەكان بەگشتی یان پەیوەستە بە فەرامۆشكردنی هەواڵو چالاكی رێكخراوەكانی ژنان لە ئاست كوردستانو دەرەوەی كوردستان لە كاتێكدا پێویستە لە لایەك ئەو ماڵپەڕانە یان روونتر ئەو كەناڵانەی میدیاكان بەگشتی بێلایەنگیرانە رومالّی هەر هەواڵێك بكەن كە پەیوەستە بە چینو توێژە جیاجیاكانی كۆمەڵ بە تایبەت ژنان.

جگە لەوە لە لایەكی دیكە رێكخراوەكانی ژنان بە جیاوازی كاركردنو بۆچونەكانیانەوە نمایندەو واقعن لە رووی كاركردنیان بۆ ژنان، بۆیە سەرچاوەی سەرەكین تا راگەیاندنەكان ئەوواقعی كاركردنانەیان بخەنە ڕووو ببنە سەكۆیەكی كاریگەر بۆ رومالّكردنو بلاوكردنەوەی سەرجەم ئەو چالاكیو پرۆژانەی ئەنجامدەدرێن لە لایەن رێكخراوەكانەوە چ وەك دەرخستنی تواناو كارو چالاكییەكانیان بە كۆمەڵو چ وەك چاودێری كارەكانیان لە ڕێی رەخنەگرتنی بونیادنەرانەوە بۆ كارەكانیان كە بێلایەنگیریو بێ مەبەست كەناڵەكان بتوانن رۆڵی دەسەلاتی چوارەم بگێڕن لە پێشخستنی كۆمەڵدا.

كەناڵەكانی راگەیاندن لەبەر ئەوەی زوربەی زۆریان كەناڵی حزبین هەمیشە بە سیاسەتی حزبەكەی سیاسەتو پلانی كاركردنی خۆی دارشتووە بەشێوەیەك پێشوەخت بڕیاری داوە بە سەر چارەنووسی نەك تەنها رێكخراوەكانی ژنان، بەڵكو كۆی كەسایەتیو نێوەندەكانی تریش

**خشتەی ٢: هەواڵی توندوتیژییەکانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان**

| ناوی ماڵپەڕەکان | هەواڵەکانی تایبەت بە توندوتیژی دژ بە ژنان | توندوتیژییەکان لە کوردستان | توندوتیژییەکانی دەرەوەی کوردستان | ئامادەکاری هەواڵی ژن |
|---|---|---|---|---|
| خەندان | ١٠٩ | ١٦ | ٩٣ | ٢ |
| روداو | ٦٤ | ٥٨ | ٦ | ١ |
| سپی میدیا | ٣٠ | ١٧ | ١٣ | - |
| نالیا | ٣٥ | ٢٢ | ١٣ | ١ |
| کۆی گشتی هەواڵی توندوتیژییەکانی ژنان | ٢٣٨ | ١١٣ | ١٢٥ | ٤ |

خشتەی ژمارە (٢) بایەخدانی ماڵپەڕەکان دەردەخات سەبارەت بە تۆمارکردنی ئەو هەواڵانەی تایبەتن بە توندوتیژی دژ بە ژنان کە دەرئەنجام ئەمانە دەردەخاتو لەم گرافیك چارتەدا رونکراوەتەوە:




١. هەواڵەکانی تایبەتن بە رومالکردنی تایبەت بە توندوتیژییەکان چ بە بەراوورد بە کۆی گشتی هەواڵە گشتییەکانی ماڵپەڕەکەو چ وەك کۆی گشتی هەواڵەکانی تایبەتمەندن بە ژنان لە زەمینەی کارکردنی واقعی کوردستاندا کەمینەی ژمارەو رێژە پێکدەهێنێ.

ئەمە وێڕای ئەوەی واقعی کوردستان بە پێی ئاماری توندوتیژییەکان چ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بە ژنان بێت یان لە رێی ئەو کەیسو پێشێلکارییانەی دژ بە ژنان دەکرێتو روبەڕووی رێکخراوەکانی ژنان دەبێتەوە دیسانەوە رێژەیەکی کەمینەیە کە تۆمار کراوە.

ئەوەش بێبایەخی ماڵپەڕەکانی میدیا دەردەخات بۆ بەدواداچوونیان سەبارەت بە کەیسەکانی ژنان لە بارەی توندوتیژییەکانی رووبەڕوویان دەبێتەوە کە بایەخدانی ماڵپەڕەکان لەو بارەیەوە لە ئاستێکی لاوازدایە.

٢. ماڵپەڕی روداو کەمترین ژمارەی هەواڵی دەرەوەی کوردستانی روماڵکردووە بە بەراوورد بە ماڵپەڕەکانی دیکەو خەندان، زۆرترینی هەواڵی دەرەوەی کوردستانی تۆمارکردووەو هەریەك لە نالیاوسپی میدیاوەکیەکن کە گەیشتۆتە (١٣) هەواڵ.

ئەمەوێڕای ئەوەی کۆی گشتی هەواڵە تۆمارکراوەکانی ماڵپەڕەکان روماڵیان کردووە تایبەت بە هەواڵی توندوتیژییەکانی دژ بە ژنان بە بەراوورد بە کۆی ئەو توندوتیژییە جۆربەجۆرانەی لە رووی جەستەیی و دەرونییەوە روبەڕووی ژنان دەبێتەوە لە کوردستاندا کەمینەی تۆمارکراوە.

٣. لە رووی تۆمارکردنو زۆری ژمارەی هەواڵەکانی تایبەت بە توندوتیژی دژ بە ژنان ئەگەرچی خەندان زۆرترین ژمارەی هەواڵی تۆمارکردووە، بەڵام هەواڵەکان زیاتر ئەوانەن کە پەیوەستن بە دەرەوەی کوردستان لە کاتێکدا باشترو راستر ئەوەیە فشار بخاتە سەر دەسەڵاتو حوکمڕانی کوردستان لە رێی دەرخستنی ئامارو کەیسەکانی توندوتیژییەکان دژ بە ژنان لە کوردستاندا بە دەرخستنی قەبارەی کێشەکە صکەمکردنەوەی لە رێی فشارەکانی میدیاوە.

هەروەها هەردوو ماڵپەڕی نالیاو سپی میدیاش بایەخدانیان بە هەواڵەکانی ناوخۆی کوردستان بە بەراوورد لەگەڵ دەرەوەی کوردستان زۆر نزیکە لەیەکەوە لە کاتێکدا دەبێت بایەخدانی بە روماڵکردنی هەواڵەکانی ناو کوردستان زیاتر بێت لە رووی بایەخدانو تۆمار کردنەوە، ئەمەش بە دیوێکی تردا رادەی کەمبایەخی هەریەك لەو ماڵپەڕانە نیشان دەدات بە بۆ مەسەلەکە.

٤. بە دیوێکی تردا خشتەی ژمارە (٢) ژمارەی هەواڵسازەکانی ژنان دەخاتەڕوو کە بە بەراوورد لەگەڵ کۆی گشتی هەواڵە تۆمارکراوەکانی ماڵپەڕەکان رێژەی (٠٪) پێکدەهێنن، بوونی ژمارە یان رێژەی کەمیی ژنان لە ماڵپەڕەکانداو

پێوەری ژنان لە ڕوماڵکردنی سەرجەم ئەو هەواڵانەی تایبەتمەندن بە تایبەت بە ژنان ئەوواقعە دەخاتە ڕوو کە پەیامە ڕاستەقینەکەی لە قۆناغی ئێستادا پێویستە لە ئەقڵیەت و ناخ و دیدو خەمی خودی ژنانەوە هەڵقوڵا.
وێرای ئەو ڕاستییەی بەهۆی کەمیی یان نەبوونی ژنان لە لوتکە یان هەرەمی بڕیارسازی هەریەك لەو ماڵپەڕانە نیشان دەدات کە دەرئەنجام ئەوواقعەی خستۆتەوە کە بەدواداچوون بۆ کەیس و مەسەلەکانی ژنان چ لە شێوەی هەڵبژاردنی بابەتەکان، ڕوماڵکردنی هەواڵەکان، بەرفراوانی پەیوەندییەکان لەگەڵ خودی ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕوانگەی دیدگا بۆ مەسەلەی ژنان غیابی هەیە .

**خشتەی٣: جۆری توندوتیژییەکان لە ناوەوەی کوردستان:**

| ناوی ماڵپەڕەکان | توندوتیژییەکانی کوردستان | جۆری توندوتیژییەکان لە کوردستان | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆمەڵایەتی | سیاسی | سێکسی | یاسایی |
| خەندان | ١٦ | ١٢ | ٣ | ١ | – |
| ڕوداو | ٥٨ | ٤٣ | ٨ | ٧ | – |
| سپی میدیا | ١٧ | ٩ | ٣ | ٥ | – |
| نالیا | ٢٢ | ١٦ | ٣ | ٣ | – |
| کۆی گشتی | ١١٣ | ٨٠ | ١٧ | ١٦ | – |

خشتەی ژمارە (٣) لە کۆی گشتی توندوتیژییەکانی ناوەوەی کوردستان کە روبەڕووی ژنان بۆتەوە، جۆری هەریەك لەو توندوتیژییانە دەردەخات کە لە کۆی گشتی ماڵپەڕەکاندا توندوتیژی کۆمەلایەتی کە خۆی لە ( کوشتن، گەورە بە بچوك و هتد....... ) دەبینێتەوە زۆرترین رێژە پێکدەهێنێ و هەریەك لە جۆرەکانی تری وەك توندوتیژی ( سیاسی و سێکسی و جەستەیی) بە ژمارەی جیاواز دەردەکەون.

ئەوەش ئاماژەیە بۆ زۆری پیادەکردنی توندوتیژییەکان لە بواری کۆمەلایەتیدا.

رومالی جۆرەکانی توندوتیژی دژی ژنان لە ناوخۆی کوردستان



**<u>خشتەی٤</u>: جۆری توندوتیژییەکان لە دەرەوەی کوردستان:**

| ناوی ماڵپەڕەکان | توندوتیژییەکانی دەرەوەی کوردستان | جۆری توندوتیژییەکان لە دەرەوەی کوردستان | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆمەڵایەتی | سیاسی | سێکسی | یاسایی | ئاینی |
| خەندان | ٩٣ | ٤٤ | ١٥ | ٣٣ | ١ | – |
| روداو | ٦ | ٢ | ٣ | – | – | ١ |
| سپی میدیا | ١٣ | ٢ | ١ | ١٠ | | – |
| نالیا | ١٣ | ٢ | ١٠ | ١ | – | – |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ٥٠ | ٢٩ | ٤٤ | ١ | ١ |

خشتەی ژمارە (٤) جۆری توندوتیژییەکانی تایبەت بە ژنان دەخاتە ڕوو لە دەرەوەی کوردستان کە لە لایەن هەریەك لە ماڵپەڕەکانەوە تۆماریان کردووە کە جۆری توندوتیژی کۆمەڵایەتی زۆرترین ژمارەی تۆمارکردووەو جۆرەکانی تری توندوتیژیش هەریەك بە ڕێژەی جیاواز.



**بەراورد كردني رومالّي توندوتيژي دژي ژنان لەناوەو دەرەوەی هەرێم**



**سێیەم:** شیکاری مانشێت و ناوەڕۆکی هەواڵ

وێناکانی ژن لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا مەودای جۆربەجۆری هەیە، گەر لە مەودای مانشێت و ناوەڕۆکی هەواڵەکانەوە شیکاری بۆ بکەین، دەتوانین لە چەند خاڵێکدا نیشانی بدەین لەوانە:

**١. ئەقڵیەتی پیاوسالاری:**

زوربەی ماڵپەڕە کوردییەکان ئەگەرچی خۆیان بە میدیای گشتی و سەربەخۆ فرەبواری کارکردن دەناسێنن، بەڵام روماڵکردنی هەواڵ و بابەتەکانیان دوور لە کاری پیشەیی و ڕۆژنامەنووسی بڵاودەکەنەوە.

یەکێك لەووێنایانەی میدیای کوردی دەیکات بۆ ژنان وێناکردنێکی پیاوسالارانەیە کە هەمیشە لە ڕێی هەواڵەکانی بڵاوی دەکاتەوە و تەنانەت ئەو هەواڵانەی لە زمانێکی ترەوەوەریان دەگێڕێت بەگشتی ڕەنگدانەوەی ئەقڵیەتێکی پیاوسالاری لەپشتەوەیە.

هۆکاری ئەوە لە لایەك دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە دەگمەن دەبینیت هەواڵسازەکان یان بەرپرسی بەشی هەواڵەکان ژن بن، ئەمەش وا دەکات هەمیشە چ بابەتەکانی هەڵیدەبژێرن و چ داڕشتنەوەی هەواڵەکان و تەنانەت مانشێتی خودی هەواڵەکان بە ڕوونی فکروئەقڵیەتی نێرسالاری و پیاوسالاری لە پشتی کارە میدیاییەکەوە بەدیدەکرێت.

هۆکاری دووەمی دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی گشتی ماڵپەڕەکان کە بە دیدێکی پیاوسالارانەوە مامەڵە لەگەڵ خودی بابەت و وێناکردنی ژنان دەکاتەوە کە فەلسەفەیەکە هەمیشە ژن بە لایەنە خراپ و ناشرین و ترسنۆك و بێدەسەڵات ولاوازەکەوێنا دەکات، وەك مرۆڤە پلە دووەکەی ژیان دەیخوێنێتەوە نەك وەك فەلسەفەیەکی مرۆڤدۆستی و دیدێکی مرۆڤانەی پێشکەوتوخواز کە خاوەن کیانێکی سەربەخۆی خۆیەتی و خاوەنی چەندین دەستکەوت و سەرۆك خێزان و بەخێوکەرو بڕیاردەری نێوەندەکان کاردانەوە و ڕەنگدانەوەی هەیە لە پرۆسەی بەڕێوەبردن و ژیاندا.

بوونی ئەو هۆکارانە بەگشتی وایکردووە لە زوربەی هەواڵەکاندا میدیا ڕۆڵ ووێنا خراپەکەی ژنان دەربخات و ئەمەش یەکێکە لە ئاسەوارە خراپەکان بەسەر نێوەندی میدیای کوردیدا کە بەگشتی دەرکەوتووە.

هەروەها کلتوری ئەقلیەتی پیاوسالاری لە میدیای کوردیدا ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی هەیە کە هەندێ جار لە ناو خودی ئەقلیەتەکەدا دووفاقییەکی زۆر بەدیدەکرێت بەوەی خودی ئەقلیتەکە ئەگەرچی بە هەموو مانایەکەوە سڕینەوەی خودی بە ئینسانبوونی ژنانو بە پلەدوویيان لێی دەڕوانێت، بەڵام لە هەمان کاتدا لە هەندێ کاتدا خودی ئەو ئەقلیەتانەی پیاوانەوا دەکات سەرەڕای بە بچوك سەیرکردنی بۆ ژنان، بەڵام لەژێر ناو یان جەستە یاخود پۆشاکی ژنانەدا خۆیان حەشار بدەن، ئیدی لەکاتی تەنگەشەو خۆڕزگارکردنیان بێت لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یان خۆقوتارکردنیان بێت لە ململانێو کێشەیەکی سیاسی، ئەمەش هەندێ نموونەن کە بەڵگەی ئەو ڕاستیيە دەردەخەن لە هەواڵی ماڵپەڕەکانەوە:

١.بەنیازبوو بە جلی ژنانەوە دزی بکات، بەڵام لێی قەوما

٢.شەڕڤانان سێ چەکداری داعشیان لەکاتی هەڵهاتندا بە جلوبەرگی ژنانەوە لە منبج دەستگیرکرد

٣.ئەو پادشایەی سعودیە کە ٤٠ ژنو ٧٠ منداڵی هەبووە، بناسە "وەرگێڕان" ( نموونەی فرەژنی لەوڵاتانی عەرەبی وەك نموونەیەکی باشو خۆشگوزەران)

٤.بەهەردوو ژنەکەی، ژنی سێیەمیان بۆی هێنا

"وەرگێڕان" ( خواستی ژنان بۆ فرەژنی دەخاتەڕوو)

٥. مژدێن دەگری

"وەرگێڕان" (وەك لاوازی لایەنی مێینە دەریدەخات)

٦.کچێك لە ناو کتریدا گیری خواردووە

"وەرگێڕان" ناوەڕۆکەکەی: منداڵێکی تەمەن ٢ ساڵانە،وەك گەمەکردن بە ژنان نیشانی دەدات

٧.بزانە ژنێك چی لە خەسووی دەکات

"وەرگێڕان" (دەرخستنی دیوی خراپی پەیوەندی نێوان بووكو خەسوو)

٨.بە جوانترین ژنە پەرلەمانتاری عێراق هەڵبژێردرا (سەیرکردنی ژنان لە گۆشەنیگای جەستەو جوانییەوە)

٩.ئەلوو پۆلیس.. ژنەکەم بۆ بگەڕێننەوە با مانگاکانم بدۆشێت
"وەرگێڕان" (بە سووك سەیرکردنی ژن)
١٠.ژنێك سێ ساڵە بێ هیچ کێشەیەك بە سنگی رووتەوە دەگەڕێت
"وەرگێڕان" ( لە گۆشەنیگای سێکسەوە)
١١.ئەگەر ژنت نەبێت دەتوانیت قەرزی بکەیت
"وەرگێڕان" ( بەکاڵاکردنی ژن)
١٢. ئەو پیاوانەی بەدەست ژنەکانیانەوە گیریانخواردووە
"وەرگێڕان" ( بچووککردنەوەی ژن)

جگە لەو دەستەواژانەی ئاماژەیان پێکراوە کە هەریەکەیان لە گۆشەنیگای دیدگایەکی پیاوسالارانەوە گوزارشتو خوێندنەوەی بۆ نوسینی مانشێتو روماڵکردنی هەواڵەکان هەیە، نوسینی چەندین مانشێتی دیکەی تریش هەن کە ئاماژەن بۆ هەمان دیدی پیاوسالارانە.

وێڕای ئەو راستییەی ئەقڵیەتی پیاوسالاری تەنها تایبەتمەند نییە بە رەگەزی پیاو، بەڵکو دەشێت هەردوو رەگەز هەڵگری خەسڵەتو رەفتاری پیاوسالاری بن کە دەرئەنجامی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی پلان بۆداڕێژراوو دوورودرێژە کە خودی فەلسەفەکە هەرلەسەر بنەمای جیاکاریو جیاوازیو باڵادەستیو هەیمەنەی پیاو بەسەر ژنەوە داڕێژراوە.

نموونەی ئەو دەستەواژانەش بریتین لە:
١. بەیەك رۆژ چوار ژنی هێنا
وەرگێڕان ( رەوایەتیدان بە بیرۆکەی فرەژنی)
٢. پیاوێك ١٣ ژنی دووگیانی هەیە
وەرگێڕان ( دەرخستنی پیاوسالاری پیاو)
٣.کچە میزەڵانەکە

وەرگێڕان ( شوبهاندنی ژن بە نموونەیەکی نەشیاو یان بە سووك سەیرکردنی)

٤.لە ئافرەت و بەهارات دووربکەوەرەوە تەمەنت درێژ دەبێت

وەرگێڕان (نیشاندانی ژن وەك رەگەزێك کە هەڵکردنی ژیان لەگەڵیدا مەحاڵ بێت)

٥.هەرچوار هاوسەرەکەی لە یەك بواردا کاردەکەن

وەرگێڕان ( بە ئاسایی نیشاندانی فرەژنی)

٦.کاردانەوەی باوکێکی تورە کاتێك دەبینێت کچەکەی لەگەڵ کوڕێکدایە

وەرگێڕان ( نیشاندانی هێڵی سوور لە دیدگای پیاوسالارییەوە)

٧.هەر شوێنێکی ئافرەت بەرووتی ببینم لێی دەدەم

وەرگێڕان ( ئەقڵیەت و دیدی پیاوسالارانە)

٨.لە یەکەم بینیندا پیاو سەیری کوێی ئافرەت دەکات؟

وەرگێڕان (روانینی پیاو بۆ ژن لە روانگەی مێینەبونییەوە)

٩.پیاوێك دووگیانی کردو دەستگیرانەکەشی تەلاقی دا

وەرگێڕان ( دیدگایەکی پیاوسالارانە بۆ ژن لە روانگەی رەگەزییەوە)

١٠.لە هەولێر دوو مار کچانی ١٨ ی شوبات دەتۆقێنن

وەرگێڕان ( نیشاندانی ژنان وەك رەگەزێکی ترسنۆك ولەرزۆك)

١١. ژنێك هانای بۆ هاورێی مێردەکەی برد، بەلام هەڵیخەلەتاند

وەرگێڕان ( سەیرکردنی ژن وەك رەگەزێکی هەڵخەڵەتێنراو)

١٢. ژنێك بەو مەرجەی لێی بدرێت شوو دەکات

وەرگێڕان ( رەوایەتیدان و بە ئاسایی وەرگرتنی لێدانی ژن)

١٣.هاوشێوەکەی کاردشیان ئاگر بەردەداتە تۆرە کۆمەلایەتییەکان

ناوەڕۆکەکەی: چەندوێنەیەکی خۆیو چەند گرتەیەکی ڤیدیۆی بڵاوکردۆتەوە
١٤.ئەڤین ئاسۆ بەوێنەیەك تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەخرۆشێنێت
ناوەڕۆکەکەی: لە فەیس بووكوێنەیەکی خۆی لەگەڵ سەربازێکی بیانی باڵابەرزدا بڵاودەکاتەوە
١٥.کچە شەقڵاوەییەکە چی لە کازمو نانسیو تامر دەکات
ناوەڕۆکەکەی: بەوتنەوەی گۆرانی ئەندامانی لیژنەی پرۆگرام سەرسام دەکات.
١٦.لەیلا فەریقی لەگەڵ هەڵکەوت زاهیر دەرکەوتووە
ناوەڕۆکەکەی: هەڵکەوت زاهیر لەڕێی پەیجە تایبەتەکەیەوە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووك، چەندوێنەیەکی خۆی لەیلا فەریقی بڵاودەکاتەوەو ئەو خانمە هونەرمەندەی بە هاوڕێی خۆشەویستو ساندرێلای کورد ناوبردووە
١٧.هەلۆێستو ئەڤین ئاسۆ پێکەوە چی دەکەن
ناوەڕۆکەکەی: دەبێتە میوانی پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنیو چەند بەرهەمێکی خۆی پێشکەش دەکات
١٨.ببینە چنارو حەمید عوسمان پێکەوە چی دەکەن
ناوەڕۆکەکەی: سەرقاڵی ئەنجامدانی کارێکی هونەرین
١٩.ئارینا ئەم کارەشی کرد
ناوەڕۆکەکەی:وێنەیەکی خۆی بڵاوکردۆتەوە کە لە یەکێك لە ڕێستۆرانتەکاندا دانیشتووەو سەرقاڵی شکاندنی شەکری کلۆیە

ئەمانەو چەندین مانشێتی تر گوزارشتن لە گەیاندنی پەیامی ئەقلیەتی پیاوسالاری لە پشت داڕشتنی هەواڵەکانەوە بە نموونە:

١. چەندوێنەیەکی نوێی هەیفا وەهبی ئاگر بەردەداتە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان
وەرگێڕان ( بینینی ژن تەنها لە رووی جەستەوە)
٢. کچێکوەك پشیلە دەژی

وەرگێڕان ( شوبهاندنی خەسڵەتی سپڵەیی لە کچدا)

٣. پیاوێك ٦٢ ژنی هێناوە

وەرگێڕان ( زەقکرنەوەو دەرخستنی فرەژنی)

٤. کچە شەقڵاوەییەکە ئەمشەو چی کرد

( گومان خستنە سەر کچ)

٥. ماڵپەڕێك بۆ هێنانی ژنی دووەم دروست دەکرێت

وەرگێڕان ( رەوایەتیدان بە فرەژنی)

٦. کچی ئێزدی هێمای شەرەفە

( بینینەوەی شەرەف لە رەگەزی مێدا)

٧. لەسەر هەڵخەلەتاندنی " کچێك "١٤ کوڕ دەستگیردەکرێن

(خستنەپاڵی خەسلەتی هەڵخەڵەتاندن بۆ کچان)

بەرپرسێکی هەرێم ٣ هەزار دۆلاری داوە بۆ سێکسکردن لەگەڵ کچێکدا

( کورتکردنەوەی ژنان لە سێکسدا)

٢. ئامازە سێکسییەکان :

ماڵپەڕە کوردییەکان بەگشتی لە رووی هەواڵەکانەوە خواستێکی زۆریان لەسەر هێما سێکسییەکان هەیە کە زۆر جار دەیانەوێت بەمەبەستی بازاڕگەرمکردن و زیاتر بینەری ماڵپەڕەکانیانەوە پەنا بەرنە بەر بەکارهێنانی ووشەو دەستەواژەی سێکسی یان لە رێی وێنەی رووت و جەستەی ژنانەوە کار لەسەر زیاتر فرۆشتنی بەرهەم و ئامانجەکەیان بکەن.

بۆ ئەمەش زیاتر پەنایان بردۆتە بەروەرگێڕانی زۆرێك لە هەواڵەکان یان زیاتر روماڵکردنی ئەو هەواڵانەی لە دەرەوەی کوردستانن یاخود زیاتر بلاوکردنەوەو بایەخدان بە هەواڵی هونەرمەندان یان بێژەرو ئەکتەرەکانی ژنان،

ئەمە لە هەموو ماڵپەڕەکاندا بەدیدەکرێت بە تایبەت ماڵپەڕی سپی میدیا کە بە روونی زوربەی هەواڵەکانی لەم گۆشەنیگایەوە دەخاتە ڕوو بە بەکارهێنانی وشەی (ڕووت، سێکس، لاقەکردن و ئابڕووچوون).

هەندێك لەو میدیایانە ڕۆژانە هەواڵێکی کارداشیان و هێلی لۆڤو لۆکەو دەشنێ.....هتد یان هاوشێوەکانیان بڵاودەکەنەوە لە گۆشە نیگای هەواڵی شەخسی بەوەی لەگەڵ کێن یان تاتۆیان لە کیۆیان کردوە یاخود کاتێك هونەرمەندێك، بێژەر یان ئەکتەرێك جلێکی کورت بپۆشێت یان تاتۆیەك دروست دەکات هەواڵێك بڵاودەکەنەوە کە زۆر جار مانشێت و ناوەرۆکیش دوو شتی جیاواز دەڵێن یان مانشێتەکە سەرنجڕاکێش دەکەن بە دەرخستنی ووشەی رووت و ئاماژەی سێکسی، لە کاتێکدا دەشێت ناوەڕۆکەکەی گوزارشت بە مانشێتەکەوە نەکات.

ئەمە بەدەر لە دیاردەیەکی تر کە لای بەشێك لەو ماڵپەڕانە بەدیدەکرێت و بریتییە لە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی سێکسی، وێڕای ئەوەی میدیا لەبری ئەوەی ببێتە کەناڵێك بۆ گۆڕینی ئەقڵی کۆمەڵ لەمەڕ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری سێکسی لە ڕێی وروژاندنی بابەتی جدیی و وەرگێڕانی بابەتی زانستی لەوبارەیەوە، بۆتە مینبەرێك بۆ ئیستیغلالکردنی دۆخی کەبت و فشارو ناهۆشمەندی رۆشنبیری سێکسی خەڵکی تا کەناڵە میدییەکان ببنە مینبەرێك بۆ خۆبەتاڵکردنەوە وروژاندنە سێکسییەکانی خەڵك.

بۆیە ئەوەی بەدیدەکرێت بۆ نموونە، بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی وەك "کەمەری کارداشیان هەرا دەنێتەوە" ژمارەی ئەو کەسانەی ئەم بابەتەیان خوێندۆتەوە گەیشتۆتە (٢٢١٧٣٢ جار) یان هەواڵی "سێکس و سەما چی لە جەستەی ئەو کچە کردووە؟ " ئەوکەسانەی خوێندویانەتەوە بریتی بووە لە (١٦٢٥١٦ کەس) ، لە کاتێکدا هەواڵێکی تایبەت بە بوارێکی چالاکی سیاسی یان چالاکییەکی تر نەگەیشتۆتە چارەکێکی ئەو ژمارەیە.

ئەمە وێڕای وروژاندنی لایەنی سێکسی و وێناکردن و کورتکردنەوەی ژنان لە تەنها جەستەیاندا لە ڕێی فۆتۆکانی بڵاوکراونەتەوە بە شێوەی رووت و ئاماژەی سێکسی.

ئەمەش نموونەی هەندێ لە هەواڵی ماڵپەڕەکانن کە هێماو ئاماژە سێکسییەکان دەخەنەڕوو:

١. وێنەی ماچەکەی لەگەرماودا بڵاوکردەوە.

ناوەرۆکەکەی: لەگەڵ منداڵێکدایە

٢. کریستاڵ بە دووویێنە هەوادارانی سەرسام دەکات

ناوەرۆکەکەی: وێنەی رووت

٣. کتێبێکی نوێ راستیی کاسێتە سێکسییەکەی کارداشیان ئاشکرا دەکات

٤. کیم دەربارەی‌وێنە رووتەکانی رونکردنەوە دەدات

٥. کەمەری کارداشیان هەرا دەنێتەوە

٦. بێژەرێکی کچ لە پەخشی راستەوخۆدا سنگی رووتکردەوە

٧. سێکس‌و سەما چی لە جەستەی ئەو کچە کردووە؟

٨. ئەژین تاتۆی لەم شوێنەی لەشیدا کێشاوە

ناوەرۆکەکەی: (لەوێنەکەیدا تاتۆیەکی سەر جەستەی دەرکەوتوە کە لەسەر دەستی کێشاوێتی)

٩. قەرزەکانی مێردەکەی بە سێکس دایەوە

١٠. لۆکە لە باوەشی هەڵکەوت زاهیردا

ناوەرۆکەکەی: (دوو منداڵ لە باوەشیدا دانیشتوون کە یەکێکیان ناوی لۆکەیە)

١١. ببینە شاجوان لە حەمامدا ماچی کێ دەکات

ناوەرۆکەکەی: ( بە بلوسێکی زستانەوە ماچی منداڵێك دەکات)

١٢. ئارینا تاتۆی ئەم شوێنەشی دەرخست

ناوەرۆکەکەی: ( لەوێنەیەکدا دەرکەوتووەو تاتۆیەك بە دەستێوەیەتی)

١٣. مژدێن بەو شێوەوروژێنەرە گیانی کێ ماچ دەکات؟

ناوەرۆکەکەی: (لەوێنەکەدا دەرکەوتوەو پەیامێك دەنوسێت‌و پرسیاری ئەوە دەکات "ئایا دەتوانم گیانت ماچ بکەم"، بێ ئەوەی ئەو کەسە ئاشکرا بکات کە ئەو پەیامەی بۆ ناردووە)

١٤. هەرگیز نازدارتان بەم شێوەیەو لەباوەشی ئەم کەسەدا بینیوە؟

ناوەڕۆکەکەی: (وێنەیەکی منداڵی خۆی بڵاودەکاتەوە کە لە باوەشی باوکیدایە).

١٥. بزانە کێ دەستی لەسەر سنگی دڵنیا قەرەداغی داناوە؟

ناوەڕۆکەکەی: ( تەنها بڵاوکردنەوەی چەندوێنەیەکی ئاسایی)

١٦. شێنێ‌وێنەیەکی خۆی لە ژێر جێگادا بڵاودەکاتەوە

ناوەڕۆکەکەی: (لە ژێر جێگاکەیدایەو روخساری دیارنییەو تەماشای پرۆگرامی پزیشکی Dr. Phil دەکات)

١٧. ئاسلیتان بیرماوە؟ ببینە بە چ ورووژێنەرییەك دەرکەوتەوە

ناوەڕۆکەکەی:(ئاسلی بە جلێکی کورتەوە دەبینرێت و بەشێکی زۆری سنگی دەرخستووە)

١٨. کۆمسای ناوکی دەردەخات و بەجلێکی جیاوازەوە هەمووان شۆك دەکات

ناوەڕۆکەکەی: (ستایلی جلەکانی بە جۆرێکە کە بەشێکی سك و ناوکی دەرخستووە ، سەرلەنوێ بە جلی ژێرەوە دەردەکەوێت).

١٩. تاتۆ نوێکەی میا خەلیفە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەخرۆشێنێت

ناوەڕۆکەکەی: ( کۆپلەیەکی مارشی نیشتمانی لوبنانی لەسەر جەستەی کێشابوو)

٢٠. کیم کارداشیان بە بڵاوکردنەوەی‌وێنەیەکی‌ورووژێنەری هەرا دەنێتەوە

ناوەڕۆکەکەی: (بەهۆی دووگیان بونەوە کێشی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردبوو)

٢١. بزانە لەنیا کێ ماچ دەکات و دواتر چەپلەی بۆ لێدەدات

ناوەڕۆکەکەی: (کۆترێك ماچ دەکات و پاش فڕینی کۆترەکە چەپلەی بۆ لێدەدات)

٢٢. بزانە پێشکەشکارەکەی کەناڵی (Kurdistan ٢٤) کێی لە باوەش گرتووە ؟

ناوەڕۆکەکەی: (لەوێنەیەکدا پشیلەکە باوەش دەگرێت و وێنەکەی بڵاودەکاتەوە).

١٤. ببینە نانسی لەناو جێی نوستندا کێی لەباوەشدایە

هەموو ئەوانەی ئاماژەی پێکراو چەندین مانشێتی تر ئەوە دەردەخەن کە هێماو ئاماژە سێکسییەکان بوونەتە مانشێتی سەرنجڕاکێش بۆ ڕاکێشانی زیاتری خوێنەر کە هەندێ جار ناوەڕۆکو مانشێت زۆر جیاوازو دوورن لە یەکترییەوە، جگە لەوانە ئەمانەی خوارەوە نموونەی چەندین مانشێتی سایتی سپی میدیان لەبارەی ئاماژە سێسکسییەکانەوە:

١. ئەدێڵ بە دەرخستنی سنگی هەمووان شۆك دەكات
٢. عەزییە کورتەکەی گڕ بەردەداتە تورە کۆمەڵایەتییەکان
٣. لیا لەسەر بەرگی گۆڤارێك بە بێ جل دەردەکەوێت
٤. ئیلیسا بە مایۆوەو لەکاتی مەلەکردندا هەرا دەنێتەوە
٥. هەیفا بە جلە تەنکەکانی شوێنە هەستیارەکانی دەردەخات
٦. ئیلیسا لە ناو مەلەوانگەدا لە باوەشی کوڕێکدایە

## ٢. دووفاقی ڕاگەیاندن:

ماڵپەڕەکان بەمەبەستی نیشاندانی ئەوەی مەسەلەی ژنان جێی بایەخیانەو باوەڕیان بە یەکسانی ژنانو پیاوان هەیە لە هەوڵیاندا بۆ ڕوماڵکردنی هەواڵەکان لە ڕێی مانشێتەکانەوە جیاوازییەکی دیار بەدیدەکرێ لەسەر زیادەڕۆییکردنی ئەو بایەخە بە مەبەستی نیشاندانی ئەو ڕووە، لە کاتێکدا بایەخدانەکە بە پێی هۆکارەکانی پێشتر ئاماژەپێدراوە لە هەمان کاتدا بەهۆی جیاوازیی مانشێت لەگەڵ ناوەڕۆکداو هەروەها ڕوماڵکردنی هەمان ڕوداوو بابەت لە نێوان پیاوانو ژناندا جیاوازییەکی دیار بەدیدەکرێت وەك لە نموونەی ئەم هەواڵانەدا دەرکەوتووە:

١. کەسێك لە هەولێر بە کوژراوی دۆزرایەوە، لە کاتێکدا بۆ هەمان هەواڵ بۆ ژنەکە نوسراوە" تەرمی ژنێك بە کوژراوی دۆزرایەوە"

٢. لە کەرکوک تەرمی ژنێك لە نزیك گەرەکی پیشەسازی دۆزرایەوە، بەڵام دەوترێت"ماوەی هەشت ڕۆژە تەرمی گەنجێك لە باڵەکایەتی نەدۆزراوەتەوە"

٣. ئافرەتێکی تەمەن ٢٠ساڵ خۆی خنکاند، بەڵام دەوترێت" گەنجێك خۆی کوشت "

٤. کچە خوێندکارێك گوللەیەکی بەخۆیەوە نا یان کچێکی ١٦ ساڵ خۆی کوشت، بەڵامەوتراوە" تەرمی هاوڵاتییەك بە خنکاوی لە بناری گۆیژە دۆزرایەوە"

٥. لە ڕوداوێکی هاتوچۆدا کچێك گیانی لەدەستداو چوار کەسی کەش برینداربوون

٦. لە دهۆك ژنێك بە گوولە دەکوژرێت یان دەوترێت "دوو کچە قوتابی کۆتایی بە ژیانیان دێنن "، لە کاتێکدا ئاماژە بە ڕەگەزەکەی دیکە نەدراوەووتراوە" لە هەڵەبجە گەنجێك کوژرا یان لە مەخموور تەرمی گەنجێك دۆزرایەوە"

٧. ژنێك خۆی کوشت، لە کاتێکدا بۆ هەمان ڕوداووتراوە" گەنجێك خۆی کوشت " یان نوسراوە " هاوڵاتییەك کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا"

### ٤. تەوزیفکردنی ژن:

ژنان لە میدیا بەگشتیو لە ماڵپەڕەکاندیشدا کە بەشێکە لە میدیا هەروەك چۆن بەگشتی ڕۆڵی قەتیسکردووەوەك ئامرازێکی سێکسیو لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانو ماڵدا، هەمیشە لەوێناکردنیشیداوەزیفەیەکی لاوازی یان فریودەر یاخود دەمەوەرو فێڵباز پێبەخشیوەو هەندێ جاریش وەك جەلاد دەریخستووە یانوەك تەنها مێینەیەك تەوزیفی دەکات کە ئامرازێك بێت بۆ جوانیو هەمیشە دەبێت خەمی جوانکاریو کێبڕکێی لەمەڕ ڕازاندنەوەو جوانکردنی خۆی بێت، بۆیە زۆرێك لە مانشێتو ناوەڕۆكو هەڵبژاردەی هەواڵەکان لە ماڵپەڕەکاندا ئەو دیوەی ژنانی ئیبراز کردووە.

بەواتایەکی دیکە هەمیشە ڕۆڵیوەك کائینێکی خراپو ناشرین نیشان دەدات کە هەندێ جاروەك قوربانیو کائینێك دەریخستووە کە جێی بەزەییو سۆزەو هەندێ جاری تریش وەك قوربانی تەوزیفی کردووە کە ئەگەرچی ئەمە دیوێکی

بەشێکی سروشتی هەر مرۆڤێکە، بەڵام دواجار بەشێکی پێچەوانەی تریشی هەیە کە پێویستە لەم رووەیشەوە لەم قۆناغەدا زیاتر جێی بایەخی میدیاکان بێت بە بینراوو نوسراووو وتراوەوە کە ئەوەش دیوی وەک مرۆڤێکی بەرهەمهێن و بە توانا کە گەر بە سروشتی مرۆڤەکان پەروەردە بکرێن یان دەرفەتی بێ جیاوازی و جیاکاریان بۆ برەخسێت، دەتوانێت وەک مرۆڤ رۆڵی کاریگەرو بەرهەمهێن و داهێنەر بگێرێت لە کۆمەڵدا. ئەمەش نموونەی ئەوێناکردنەیە لە ماڵپەڕەکاندا:

من ژنێکی دەستکاری کراوم

مەبەست (وەک قوربانیی)

١. کێشەی نێوان ژن و براژن لەسەر فەیسبوک گەیەنرایە دادگا

مەبەست (ناتەبایی دوو ژن)

٢. جوانترین بەڕێوەبەرە ژنەکان لە جیهاندا

مەبەست ( بایەخدان بە روخساری ژن)

٣. کچە زماندرێژەکە بناسە

مەبەست (ناشرینکردنی ژن)

٤. کێبڕکێ لەگەڵ کیم کارداشیانی خوشکی دەکات

مەبەست ( ئیرەبردنی ژنان)

٥. لەبارەی جوانکاری سنگییەوە، هاتە دەنگ

مەبەست ( دەرخستنی جەستەی ژن)

٦. کچە جوانەکانی پێشەنگای جنێف

مەبەست ( سەیرکردنی ژن لە رووی جوانییەوە)

٧. سەری کورەکانی بڕیوەو سێکسی لەگەڵ کردوون و خوێنەکەشی خواردوونەتەوە

مەبەست ( نیشاندانی وەك جەلاد)

٨. هەوڵیدا ببێت بە پیاو، بەڵام ژنبوونی ڕێگەی نەدا

مەبەست ( نەفرەتکردن لە ڕەگەزی ژنبوونی)

٩. دایکێك بە کەوچکێ خوێ منداڵەکەی خۆی دەکوژێت

مەبەست (دڵڕەقیو جەلادی ژن)

١٠. ئافرەتێك لە پایتەختی بەلجیکا بەچەقۆ هێرشی کردەسەر سەرنشینانی پاسێك

مەبەست (جەلادو شەرانگێز)

١١. دوای ئەوەی یەکەمجار لاقەکرا، ژیانی لەشفرۆشی دەستپێکرد

مەبەست ( ژن وەك قوربانی)

١٢. کچێك کەپلەکەی کوشتو خستییە کارتۆنی تەلەفزیۆنەوە

مەبەست (وێناکردنیوەك جەلاد)

١٣. مەلایەك دەستدرێژیی سێکسی دەکاتە سەر کچێکی پێنج ساڵ

مەبەست ( ژن وەك قوربانی)

١٤. ژنێك، ژنی یەکەمی مێردەکەی بە بەنزین سووتاند

مەبەست (وەك جەلادو شەڕەنگێز)

١٥. کچە خوێندکارێك تراژیدیای لاقەکردنەکەی دەگێڕێتەوە

مەبەست (وەك قوربانی)

١٦. ئافرەتێکی روسی منداڵێکی سەربڕی

مەبەست ( دەرخستنی وەك جەلاد)

١٧. پیاوێك دووگیانی کردو دەستگیرانەکەشی تەلاقی دا

مەبەست ( ژنوەك قوربانی)

١٨. له قوبرس دەستدرێژی دەكرێته سەر كچی هونەرمەندێكی باشووری كوردستان

مەبەست ( ژنوەك قوربانی)

١٩. ژنێك مێردەكەی دەكوژێتو پارچە پارچەی دەكاتو دەیسووتێنێت

مەبەست ( ژنوەك جەلاد)

٢٠. بە دەستی خۆی نۆبەرەكەی كوشت

مەبەست ( ژنوەك جەلاد)

٢١. بكوژی مینا بۆ ئەوە رفاندوویەتی تا "دەستدرێژی سێكسی" بكاتە سەر

مەبەست ( ژنوەك قوربانی)

٢٢. ژنێكی دووگیان دەبێتە قوربانیی شەڕی خزمەكانی

مەبەست ( ژنوەك قوربانی)

٢٣. جوانترینوورووژێنەرترین خانمەكانی جیهان بناسە

مەبەست ( سەیكردنی ژن تەنها لە رووی جەستەو جوانییەوە)

٢٤. دوو ژنە رۆژنامەنووس دەستدرێژی سێكسییان دەكرێتە سەر

مەبەست ( ژنوەك قوربانی)

٢٥. روزینا لازقانی بەخاوەنی جوانترین چاوی كچە ئەكتەر لە دراما سورییەكاندا دەناسرێت

مەبەست ( بایەخدان بە ژن لە رووی جوانییەوە)

٢٦. بۆ خانمان.. بەم ڕێگایە مووی دەمووچاوت مەهێڵە

مەبەست ( دەرخستنی رووی جوانكاری ژنان)

٢٧. پەردەی كچێنییەكەی دەفرۆشێت

مەبەست ( کورتکردنەوەی ژن لە جەستەدا)

٢٨. خیانەت لە مینا کرا

مەبەست ( ژنوەك قوربانی)

٢٩. کچێکی ١٥ ساڵان خۆی خنکاند

مەبەست (بێدەسەڵاتی ژن)

٣٠. بە تۆمەتی دەستدرێژی سێکسی، باوكو مامی کچێکی ١٥ ساڵ دەستگیرکران

مەبەست (ژنوەك قوربانی)

٣١. لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە دەستدرێژی کردوەتە سەر کچەکەی

مەبەست ( ژنوەك قوربانی)

٣٢. ژنێکمان دەستگیرکردووە بەنیازی دزینی منداڵێکی تازە لەدایك بوو

مەبەست ( ژنوەك شەڕەنگێز)

٣٣. لەسەر "هەڵخەلەتاندنی" کچێك ١٤ کوڕ دەستگیردەکرێن

مەبەست ( خستنر پاڵ خەسڵەتی هەڵخەڵەتاندنی بۆ کچان)

٣٤. پیاوێك لەلایەن ئافرەتێکەوە بە چەقۆ کوژرا

مەبەست ( ژنوەك قوربانی)

٣٥. ژنێك خۆی کوشت

مەبەست ( ژنوەك بیدەسەلات)

## هۆكارەكان:

سەبارەت بە كەمیی ژنان لە نێوەندی میدیا بە گشتیو ماڵپەڕە كوردییەكان بەتایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆكارێك لەوانە:

١. میدیای كوردی، میدیایەكی گشتی یان تایبەت نییە بە خەڵكەوە یاخود بەواتایەكی تر كۆمەڵی كوردی بەرهەمهێنەری نییە، ئەوەندەی كۆپیكراو یان تەقلیدی میدیایوولاتانی ترە.

٢. كاری میدیا بە هەموو پۆستەكانییەوەوەك كارێكی پیشەیی نەبۆتە كلتوری كاركردنو بە بایەخەوەوەك بەشێكی ئەكادیمی كاری پێ نەكراوە، ئەوەندەی زوربەی ئەوانەی كاری تێدا دەكەن بەزۆری حەزو ئارەزوو یان لە قۆناغێكدا پاڵنەری ماددیو كار دۆزینەوە بۆتە خەمو پاڵنەری كەسەكان تا كار لەو بوارەدا بكەن.

٣. تێڕوانینی كۆمەڵ بۆ ژن تێڕوانینێكە لە رووی كلتوریو كۆمەلایەتییەوە بە بواری ژنانی نابینێت، زۆریی كاتی كاركردن لە بواری میدیادا، تێكەڵبوونو دەركەوتنی چ لە نێوەندی خودی میدیاكانەوە بێت یان نێوەندی كۆمەڵ جێی پرسیارن بۆ ژن، ئەمەویڕای ئەوەی كلتوری پەروەردەیی تا ئیستا بەشێوەیەكە كە متمانە بە ژن ناكرێتو بەهۆیەوە خودی ژنانیش كێشەی متمانەبوونیان بەخۆیان هەیە.

٤. كاركردن لە میدیا كارێكی تاقەتپروكێنو ماندووبوونەو شەوو رۆژی بۆ نییە، سەرقاڵبوونی ژنان بە ئەركی ماڵو بەخێوكردنی منداڵو زۆر ئەركی كۆمەلایەتی ترواێكردووە گەر ئارەزووی كاركردنیشی هەبێت دەرفەتی بۆ كاركردنی میدیا تەسك بكاتەوە، بۆیە زۆرجار ئەوندە دەتوانن بەردەوام بن لە كارەكەیاندا كە كچنو هاوسەرگرییان نەكردووە.

## دەرئەنجام:

١. بەشێك لە ماڵپەرە كوردییەكان بابەتیوروژاندنی سێكسی بڵاودەكەنەوە، بە مەبەستی ڕاكێشانی خوێنەرو زیادكردنی فرۆشی بڵاوكراوەكانیان یان بەدوای هەواڵی شەخسیو سێكسی یاخودوێنەی رووتوورووژێنەرەكاندا دەكەون، بۆ ئەمەش زیاتر پەنایان بردۆتە بەروەرگێڕانی هەواڵی بێسوود یان بایەخدان بە هەواڵی كەسایەتییەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان، بۆ نموونە زانیاریووێنەكانی ماڵپەری سپی میدیا گەواهی ئەو راستییە دەردەخەن.

٢. بەڕێوەبردنو داڕشتنەوەی زوربەی هەواڵەكانی ماڵپەرە كوردییەكان بە ئەقڵیەتی كلتوری پیاوسالارییانە بەڕێوە دەچێت. لەو روانگەیەوە زوربەی راگەیاندنەكان نەبوونەتە بەرهەمهێنەرو فەلسەفەیەك بە دیدێكی نوێ بۆ هێنانەدی گۆڕانكارییەكان لە بوارەكانی كۆمەڵدا، ئەوەش لە داڕشتنەوەو بەدواداچوونوناوەرۆكی هەواڵەكاندا دەردەكەوێت.

نموونەی زوربەی مانشێتو داڕشتنەوەی هەواڵەكان ئەو ڕاستییەیان پێوە بەدیدەكرێت.

٣. بەگشتی راگەیاندنوەك دەسەڵاتی چوارەم رۆڵی خۆی نەگێڕاوە لە هەرێمی كوردستان، لەو ڕوانگەیەی هەریەكەیان حزبێك یان كەسایەتییەكی سیاسی لە پشت بەڕێوەبردنێتی، تەنانەت رومالكردنی هەواڵو ڕاپۆرتەكان بە پێی شوێنی جوگرافی ژێردەسەڵاتی حزبەكان ڕەنگدانەوەی بەسەر نێوەندو ناوەڕۆكوجیاوازی هەواڵەكان هەیە. بەوواتایەی ماڵپەڕەكانی سنوری پارێزگای هەولێر زیاتر روماڵی ناوچەكانی سنوری خۆی دەكات، هەروەها بە پێچەوانەوە لە پارێزگاكانی تری هەرێمی كوردستاندا، روماڵكردنی نموونەی ماڵپەڕە جیاوازەكانی پێكهێنەری ئەم لێكۆڵینەوەیە بە پێی جۆری هەواڵەكان لە ناوچەكاندا ئەو ڕاستییە بەدیدەكرێت.

٤. هیچ كام لە ماڵپەڕە كوردییەكان لە خەمی بەدواداچوونو بڵاوكردنەوەی هەواڵو چالاكی ڕێكخراوەكانی ژناندا نین لە كوردستاندا، بوونی (٠٪) لە خشتەی یەكەمدا سەلمێنەری ئەو راستییەیە، ئەوەش پەیوەستە بە سەربەخۆنەبونی ماڵپەڕەكانو دابەشبوونیان بەسەر حزبو كەسایەتی جیاجیادا.

٥. کەمترین هەواڵ‌و ڕاپۆرتی تایبەت بە کەسایەتی‌و دەستکەوتەکانی ژنان بەدیدەکرێت لە کۆی گشتی ماڵپەڕەکانی کوردستاندا. بوونی ڕێژەی (٠٪) کە ڕێژەیەکە کەممە سەلمێنەری ڕاستییەکەیە.

٦. زوربەی ماڵپەڕەکان بەگشتی نەبوونەتە دەروازەیەك بۆ گۆڕینی کلتورو دابونەریتەکانی کۆمەڵ تا بەهۆیەوە فۆرمێکی تری داڕشتنەوە بدەن بە هزرو بیرکردنەوەی هاوڵاتیان، بۆیە زوربەی داڕشتنەوەی هەواڵەکانی پەیوەستن بە کوشتنی ژنان یان هەر کێشەیەکی تر تەنها زانیاری بەخشە وەك ئەوەی چارەسەرێك بخاتە ڕوو کە پێچەوانەی دابونەریتی باوی کۆمەڵ‌و ئەقلیەتی پیاوسالاری بێت یان لە دیدێکی رادیکاڵانەی پێشکەوتووخوازەوە هەڵقولا بێت، زوربەی نموونەی ناوەڕۆکی پێکهاتەی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکدەهێنن ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت.

٧. نەبوونی سانسۆر یان یاسایەکی تۆکمەی تایبەت بە ماڵپەڕەکان‌وایکردووە ئامانجی ڕاستەقینەی خۆیان نەپێکن کە بریتییە لە دەرخستنی ڕاستییەکان‌و بڵاوکردنەوەی هۆشمەندیی بە مەبەستی گۆڕانکاری‌و ڕۆڵبینینی ڕاگەیاندنەکان‌وەك دەسەڵاتی چوارەم.

## پێشنیار:

١. ڕاگرتنی باڵانسی جێندەری لە لایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە چ لە ناوەندی بڕیارسازی‌و چ لە نێوەندی سەرجەم پۆستە جیاجیاکانی کارکردنی نێو میدیاو ماڵپەڕەکان بێت.

٢. بایەخدان بە خولی جۆراوجۆری بواری تواناسازی میدیاکاران، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی پرۆفشناڵێتی کارکردنیان‌و بایەخدان بە ئاستی هۆشیاری کارمەندان

٣. دەرکردنی هەندێ یاسای نوێ‌و چاکردنی یاساکانی پێویستیان بە گۆڕینی هەیە.

٤. هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ بە گرنگی میدیاو زەرورەتی کارکردنی ژنان لەو بوارەدا، بەشێوەیەك کار لەسەر بە بازاڕکردنی بکرێت لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە.

٥. فشارخستنه سەر ناوەندەکانی میدیا بۆ ڕێخۆشکردنو ڕەخساندنی دەرفەت بۆ کارکردنی ژنان لە سەرجەم پۆستەکانی کارکردنی میدیاکاندا.

٦. چاودێریکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی وێناکردنی ژنانو بایەخدان بە هەواڵو بابەتە جدیو بابەتییەکانی تایبەتن بە ژنانەوە.

٧. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی جدی لەمەڕ ئەم مەسەلەیە، بەمەبەستی بەدواداچوونو بەراووردکردنی پێگەووێنای ژنان.

## سەرچاوەکان:


- www.speemedia.com
- www.xendan.org
- www.nrttv.com
- www.rudaw.net

- ڕێنمایی ڕۆژنامەنووسان: د. صلاح عزیز،وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: محسن ئەدیب، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی ASK، ساڵی ٢٠٠٢.

- نەریتی ڕۆژنامەوانی: وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: کارزان محمد، چاپخانەی ڕوون، ساڵی ٢٠٠٦

- المیسر في علم النفس التربوي، د. توفیق مرعيو احمد بلقیس، دار الفرقان، القاهرە– مصر، ١٩٨٣، ص٣٥٢.

- العنف جژورەو اسبابە www.maktoobblog.com

christian aid

ASUDA
Empower Women to Lead

# Monitoring Report on Media Coverage of Women Issues in Kurdish Media

Writing: Kner Abdwlla

Second Report 2016